# خەڵکی سەیدسادق بۆچی خۆپیشاندانیان کرد؟

✍️ مەحموود عەبدولکەریم

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابوردوودا شاهێدی بینینی زنجیرەیەك خۆپیشاندان بووین لە قەزای سەیدسادق و میدیاکانی هەرێمی کوردستانی سەرقاڵ کردبوو بەخۆیەوە، ئەوەی جێگەی ئەسەف بوو گیانلەدەستدان و شەهیدبوونی گەنجێك بوو بە ناوی (بڕیار حەسەن) لە ڕۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکاندا. سەرەتا خۆپیشاندانەکە خۆڕسك بوو، بە مانای ئەوەی ڕێکخەرێکی دیارکراوی نەبوو، بەڵکو ڕێکخەرەکەی هاوقەناعەتیی بەشداربوان بوو لەسەر کەمیی خومەتگوزاری لە شارەکەدا. دروشمەکانی خۆپیشاندانەکە بە ژمارە کەمبوون، بەڵام بەشداربوان لە ناخیاندا



دنیایەك لە گرفت و کەموکوورِیی شارەکەیان هەڵگرتبوو. هەر بۆیە تورِەیی و نارِەزایی بە ئاشکرا لە رِووخسارییاندا دیاربوو.

ئەو خۆپیشاندانە دەربرِینێکی قەتیسماوی گەنجانی ئەو شارە بوو کە لە رِێگەی خۆپێشاندانەوەوە دەریانبرِی. خۆپیشاندانایان کرد بۆ کەموکوورِییەکانی شارێك کە لە پەراوێزی ژیانی سەردەمدا دەژی، ئەو شارەی میراتگری شارەزوورە، شارێك لە رِابوردوودا خاوەنی قوربانیدان و فیداکاری بوو، شوێنی بەرخودان و شۆرِش بوو، لە زەمەنی بەعسدا لەژێر رِەحمەتی تۆپ و فیشەك و باروتدا بوو، ئەو شارەی لە ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن رِژێمی بەعسەوە خاپوور کرا و تا ئێستاش هیچ حسابێکی ئەو خاپوورکردنەی بۆ نەکراوە. ئەو شارەی کە لە رِووی ستراتیژ و پێگەی جوگرافی دەخوازێت ببێتە جوانترین شاری کوردستان و هێزی رِاکێشانی تایبەتی هەیە بۆ زیادبوون و فراوانبوون، بەڵام بەداخەوە کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەت هیچ ئەو گرنگی و تایبەتمەندییەیان بە هەند وەرنەگرت و وەك شارێکی ئاسایی و پەراوێزخراو مامەڵەیەیان لەگەڵ کرد، هەر بۆیە دەبینین ئەو شارە خاوەنی دەیان کێشەی کەڵەکەبووە.

ئەوەی خۆپیشاندەران کردیان، پەیامێکی توندبوو لە ئاست ئەو بێباکییەی کە چەندین ساڵە بەرامبەر ئەو شارە هەیە. ساڵانی رِابوردوو لە رِێگەی دەستە و کەمپین و گرووپی جۆراوجۆرەوە زۆرمان هەوڵدا، بۆ دەستخستنی مافەکانی خەڵکی ئەو شارە بەشێوەیەکی تەواو مەدەنییانە، بەڵام بەداخەوە کەس گوێی نەدەگرت و یاداشتەکانمان دەبوونە پەرِەیەك لە مێژووی رِابوردوو، تەنها ئەوە بوو دەمانویست بە رِێگەی دیالۆك گرفتەکان بخەینە رِوو، بۆ ئەوەی خوێن نەرِژێت و برِیارەکان شەهید نەبن، بۆ ئەوەی

کەس بریندار نەبێت، بۆ ئەوەی ماڵی دەوڵەت زیانی بەر نەکەوێت، بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك تێك نەچێت، بۆ ئەوەی نەبینە بارگرانی بەسەر دۆستان و دڵسۆزانی سەیدسادقەوە.

بەداخەوە هەوڵی زیاد لە دە ساڵی خەمخۆران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی و پارێزەران و خوێندکارانی ئەو شارە، هێندە گوێی پێ نەدرا کە نەگاتە ئەو ئاستە. ئەوەی ئێستا دەوترێت، دەیان جار لە ڕێگەی کەمپینەکانەوە ئاراستەی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات کراوە، لە یەکەی ئیداریی شارەکەوە تا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لەو پێناوەدا چەندین هەوڵ دراوە، ئەم قسە تەنها بۆ تاوانبارکردنی دەسەڵات و لایەنی پەیوەندیدار نییە، بەڵکو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی توندووتیژی ڕووی نەدا، لە ڕابوردوودا ئەو داخوازییانە بە هەند وەرنەگیران، هەر بۆیە دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئەوە ڕاهاتووە  کە دەبێت بە خۆپیشاندان و خوێن  پەیامی پێ بگەیەنیت، ئەمەش نەریتێکی خراپی حوکمڕانییە لە کوردستاندا.

دەخوازین حکومەتی هەرێم وانەیەك لەو ڕووداوانە وەربگرێت، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر تەواوی هەرێمی کوردستاندا دابەش بکات، پلانی بۆ خەرجکردنی بودجە هەبێت، زیاتر گرنگی بەو شوێنانە بدات کە لە ڕابوردوودا خاپوور کراون، وەکو مافێکی ئاسایی خۆیان.

ڕۆژنامەی هاووڵاتی - ژمارە (١٢١٧) لە  (٧-١-٢٠١٤)